# ئەستێرەبەرزەی ئاسمانی بەرزی چیرۆکنووسێک

دڵشاد کاوانی
(شەقڵاوە)

## بەرایی

ئەسـتێرەبەرزە ناوونیشـانی کۆچیرۆکـی (سـەڵاح شـوان)ی چیرۆکنووسـە، سـاڵی ٢٠١٢ لەسـەر ئەرکی بەڕێوەبەرایەتـی چـاپ و بڵاوکردنـەوەی سـلێمانی، چـاپ و بـڵاو بووەتـەوە. ئـەم کتێبـە لـە پـاڵ سـەرنجێکی سـەباح ڕەنجدەری شـاعیر (٢٩) چیـرۆک و کورتـە چیـرۆک لـە خـۆ دەگرێت، لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٧٠- ١٩٧٩) نووسـراون، پێشـتر بەشـێکیان لـە گۆڤارەکانـدا بڵاوکراونەتـەوە. ئـەم کۆچیرۆکـە یەکێکـە لـە جوانتریـن کۆمەڵـە چیرۆکـە کوردییـەکان کـە تـا ئێسـتا خوێندبێتمـەوە. تـەژی لـە چێـژ و پانتاییەکـی فـراوان لـە فیکـر و خەیـاڵ و تێکەڵکردنـی بـە واقیـع، بـە زمانێکـی کـوردی ڕەوان نووسـراوەتەوە.


ئـەوەی کۆچیرۆکـی ئەسـتێرەبەرزەی جوانتـر کـردووە، چێژبینیـن و دانپێدانانـی شـاعیری کـورد سـەباح ڕەنجـدەرە کـە لـە پێشـەکی کتێبەکـەدا بەنـاوی سـەرنجێک دەنووسـێت (مـن سـەڵاح شـوان بـە داهێنـەر دەزانـم)، هەرچەنـدە سـەباح ڕەنجـدەر لـە فیسـتیڤاڵی گەلاوێـژدا لـە سـلێمانی خـۆی پێشـنیاری ئـەوەی بـۆ کـردم کـە گرنگـە ئـەم کۆچیرۆکـە بخوێنمـەوە، بەڵام ئـەم ڕستەیەی سـەرەوەی بـە تـەواوی سـەرنجی ڕاکێشـام و وای کـرد بەدوایـدا بچـم و جوانیـی تێـدا بدۆزمـەوە و خوێندنـەوەی بـۆ بکـەم.

## پێشەکی

بێگومان چیرۆک ئەو ژانرە ئەدەبییەیە کە کات و شوێن و خەیاڵی تێدا کورتە و گێڕانەوە بەسەر ڕەگەزەکانی دیکەدا زاڵ دەبێت، بۆیە کورتە چیرۆک و چیرۆک تا پوخت و کورتبڕبێت، جوانتر و ئەدەبیتر لەوەی خەیاڵ و فانتازیا باڵ بەسەر گێڕانەوەدا بکێشێت. وەلێ چیرۆکنووسی کارامە بەوە دەردەکەوێت لە پانتاییەکی بچووکدا، زۆرترین گەمەی گێڕانەوە بکات. ئەستێرەبەرزە یەکێکە لە کۆچیرۆکەکان کە ئامانجی خۆی پێکاوە و وەک دەقێکی باش و سەرنجڕاکێش نووسراوەتەوە، لەپاڵ ئەوەشدا لە فیکر و مەعریفە خاڵی نییە.

## فیکر لە کۆچیرۆکی ئەستێرەبەرزە

کۆچیرۆکی ئەستێرەبەرزە بە پێشخانێکی هزری و فەلسەفیی بەرزەوە نووسراوەتەوە. لە زۆربەی چیرۆکەکاندا فیکر و مەعریفە، سەرسوڕمان و گومان و بنەماکانی جووڵانی فیکری خوێنەری تێدایە، چیرۆکنووس شارەزایانە چەمکە فەلسەفییەکانی خستووەتە چوغزی زمانی ئەدەبییەوە، بەتایبەتی فەلسەفەی دەروونی و وردتریش تیۆرییەکانی فرۆیدی پراکتیزە کردووە. بۆ نموونە لە چیرۆکی ڕۆژێکی نەمر لە ژیانی پیاوێکی مردوودا. کارەکتەری سەرەکی گیرۆدەی شیزۆفرینیایە، بەتایبەتی لە چیرۆکی تەلەفۆنێک لە لاپەڕە (٧٠) بە ڕوونی و لە چەند چیرۆکێکی دیکەدا بە لاوەکی، نەخۆشییە دەروونییەکان لە ئەستێرەبەرزەدا ڕەنگی داوەتەوە، نووسەر زۆر فرۆیدییە، تەنانەت لە چیرۆکی گوڵە لاولاوی لێوار زەلکاوەکە، لە لاپەڕە (١٩٠)دا دەبێژێت: فرۆید بە شێوەیەکی بنەڕەتی پشت بە نەست دەبەستێت، بەڵام پاڤلۆڤ بەگشتی ئەمانە ڕەت دەکاتەوە و هەمووی بە دەوروبەرەوە دەبەستێتەوە، پاشان لە لاپەڕە (١٩١)دا دەنووسێت: بەر دەرگەی مەیخانەکە دەنگی ئەوان دەهاتە گوێی شەڕە کەڵەشێریان لەسەر فرۆید و پاڤلۆڤ دەکرد



سەلاح شوان

کە مەبەستی گەڕانەوەیە بۆ شیکاری و تیۆرییە دەروونییەکانی سیگمۆند فرۆیدی ئەڵمانی و ئیڤان پترۆڤیچ پاڤلۆڤی دەروونناسی ڕووسی.

لە لاپەڕە (١٥)دا دەنووسێت: کەسێک ناتوانێت دووجار لە ڕووباریکدا مەلەبکات. لێرە بەتەواوی چووەتە سەر قوتابخانەی فەلسەفەی ڕەواقییەکان و وتەیەکی هیراکلیتۆس دادەڕێژێتەوە کە دەڵێت: کەسێک ناتوانێت دووجار پێی بخاتە ناو هەمان ئاوی ڕووبارێکەوە.

هەروەتر لە چیرۆکی ئەی دوای ئەوە. لە لاپەڕە (٢٣)دا بە تەواوی دەچێتە ناو فەلسەفە و بەدیدی دوالیزمییەوە بەرۆکی پرسە هەڵنەهێنراوەکانی گرتووە. بۆ نموونە دەنووسێت سووتان ئاگر دروست دەکات و ئاگر سووتان دروست دەکات. یان خولانەوەی زەویی بازنەیی ژیان شیکاری دەکات، ئەمانە ئەم چەمکە فەلسەفییانەن کە ئەستێرەبەرزە لە ڕێگەی چیرۆکەوە پەنای بۆ بردوون.

لە چیرۆکی دەمەو عەسرانێک لەلاپەڕە (١٣٠)دا کاتێک منداڵی گەڕەکە هەژارەکان دەچنە ناو حەوزی

ئـاوی نـاو باخچەیـەک وەرزێـری باخچەکـە یەکێـک لـە منداڵـەکان دەگرێـت نامرۆڤانـە ئـازاری دەدات، پاڵەوانـی گێڕەوە پیشـەی چیرۆکنووسـە، ئەم دیمەنە دەیهەژێنێت و دەیەوێـت چیرۆکێکـی لەبـارەوە بنووسـێت، لـە دڵـی خۆیدا دەڵێت: دەبێـت چیرۆکەکە بە ئەنجامێکی ئەرێنی بگەیەنـم بـۆ ئـەوەی بەتـەواوی ئاوێتـەی بیروبـاوەڕم بێـت. لێرەدا چیرۆکنـووس مەبەسـتی گۆڕینـی قـەدەری ڕووداوەکەیـە، بۆیـە درێـژەی پـێ دەدات و دەڵێـت: سـەرکەوتن هـەر بـۆ ئەوانـە، بـۆ ئـەو منداڵـە هـەژارە. بـەم جـۆرە چیرۆکنـووس جێگۆڕکـێ بـە حـەق و ناحـەق دەکات و واقیـع دەگۆڕێـت، کـە زۆر چەپگەرانـە دەڕوانێـت و مێـژووی سیسـتمی سـەرمایەداری دەکاتـە ئامانـج و ڕەوایەتـی بـە سـتەمکاری چینـی خـوارەوە دەدات، بۆیـە لـە پەرەگرافـی دووەم بۆچوونەکـەی تـەواو دەکات و دەنووسـێت: باغەوانەکـەش ڕەمـز بێـت بـۆ وەرزێـران، بۆیـە دەبێـت بـە جۆرێکـی دیکـەی نیشـان بـدەم کـە ببێتـە مایـەی پاکانـە بـۆ ئـەو کارەی و گوناهەکـەی بکەوێتـە ئەسـتۆی چینـی چەوسـێنەر. سـەلاح شـوان زۆر بـە وردی مێـژووی کاپیتالیـزم و بۆرجوازییـەت دەخاتـە خانەیەکـەوە و تاوانـی شۆڕشـی پرۆلیتاریـا و چینایەتـی دەخاتـە ژێـر پرسـیارەوە کـە نەیانتوانیـوە مێـژوو بگـۆڕن، بـەڵام لـە کۆتایـی تاوانـی هـەردوو سـەردەمی تساری و بەلشـەفییەت دەخاتـەوە ئەسـتۆی دەرەبەگایەتـی و دەڵێـت: کـە ناچاری دەکـەن ئەوهـا بێبەزەیـی بێـت. لێـرە هەمـان ڕوانینـی کێڵگـەی ئاژەڵانـی (جـۆرج ئۆروێل)ـە و لەیـەک ڕستەدا، بۆیـە ئـەم نووسـەرە لـە فیکـردا زۆر دەوڵەمەنـدە.

## گۆشەنیگاکان

گۆشـەنیگا یەکێکـی دیکەیـە لـەو لایەنانـەی کـە سـەلاح شـوان بـە وردی کاری لەسـەر کـردووە، دەتوانـم بڵێـم ئـەم کۆچیرۆکـە لێوانلێـوە لـە گۆشـەنیگای جیـاواز، تەنانـەت لەیـەک چیرۆکـدا چەنـد گۆشـەنیگایەک دەپێوێـت. ئـەم چەنـد گۆشـەنیگایە بـە نموونـە دێنمـەوە. لـە چیرۆکـی لەباربـردن لـە لاپـەڕە (٥٣)دا باسـی پێوەنـدی دڵـداری نێـوان کـوڕ و کچێـک دەکات و لـە ئەنجامـی ئـەم پێوەندییـە دڵدارییـەوە منداڵێکـی ناشـەرعی دەکەوێتـەوە. دەنووسـێت: ئەمـە لـە کاتێکـدا کـە زۆر لـە دڵدارانـی خەڵکـی تـر منداڵەکانیـان گـەورە بووبـوو لـە سـایەیاندا حەسـابوونەوە، مرۆڤبـوون دەخاتـە پێـش شـەرەفەوە، بەمـەش دیدگـە و ڕوئیـا و دنیابینیـی نووسـەر زۆر پێـش زەمەنـی خـۆی کەوتـووە.

لـە چیرۆکـی دوو دیـوی شـەوێک لـە لاپـەڕە (٣٣)دا، دەنووسـێت: لێـو تینووێتـی لێـوی نەدەشـکاند، بەوەشـەوە بەهـار هـات دای لـە دەرگـە، دەرگـەی بۆکرایـەوە، گـوڵ پشـکووت، کرمـە بـێ باڵەکـە دەمـی خسـتە نـاو دەمـی گوڵـە پشـکووتووەکە.. پێـش ئـەوەی دەم بخاتـە شـیلەی گوڵەکـە ڕاوەسـتا، زۆر گـوڵ هەیـە کـرم گـرە. لێـرە گۆشـەنیگای شـەڕی باشـە و خراپـە، جوانـی و ناشـیرینی و یەکگـری و خۆخـۆری دەخاتـەڕوو.

لـە چیرۆکـی مـردن شـەرمی لـە کـەس نییـە لـە لاپـەڕە (٣٨)دا ئێـژێ: مـن و بـاران هاوڕێـی منداڵـی یەکتریـن (لێـی ناترسـم، خـۆ یەکـەم جـار نییـە تـەڕم دەکات و لێـی دەدات و دەڕوات... بـاران بـاران دەریـا بەفـر چیـا ئافرەتیـش، ئافـرەت و جگـەرە و خواردنـەوە). لێرەش سـەلاح شـوان شـەڕی هەسـت و ئـاوەز دەکات و ئالوودەبوونـی مـرۆڤ و تەڕبوونـی بەهەسـت و غەریزەکانـی دەکاتـە ئامانـج.

لـە لاپـەڕە (٥٠)دا باسـی شـۆڕش دەکات (زۆر کـەس وەهـا هاتبوونـە دەرەوە کـە چەنـد ڕۆژێـک خۆپیشـاندانەکانیان سـەر دەگرێـت و دەگەڕێنەوە. زۆری تریـش هـەر بـە بـۆن کەوتبوونـە دوای هـەڵا، بۆیـە زیاتـر لـەوەی شـۆڕش بێـت، جەنجاڵ بـوو، هـەرا). نووسـەر لـە شـۆڕش دەدات و بەهـای شۆڕشـگێڕی کەم بایەخ دەکات و پێی وایە شـۆڕش لـە یاخیبـوون و مەزبەتەیەکـی بـێ ئاگاییـەوە پتـر،

هیچی دیکە نییە، هەرچەند چیرۆکنووس ئازادە چۆن بیری کردووەتەوە، بەڵام لەو قۆناغەی چیرۆکەکەی تێدا نووسراوە پێچەوانەی بیری نەتەوەیەتی و بزاوتە ناسیۆنالیستەکان ڕۆیشتووە، بەمەش دوور لە سیاسەت و شۆڕشگێڕی وەک دەقێکی ئەدەبی هەر ڕاستە و پێش کۆمەڵگەی ئەو کات کەوتووە، چونکە دواتر دەرەنجامەکانی شۆڕشی کوردی ئەمەی سەلماند، دوای ئازادی کە کۆمەڵێک چەمک کە بەرزکرابوونەوە، تەنیا بە دروشم مانەوە.

## هەڵە و کەموکووڕییەکان لە ئەستێرەبەرزە

لەتەک جوانییەکانی ئەستێرەبەرزە بەدەریش نییە لە لەنگی و کرێتی، یان هەندێک جار سەرچیغ دەچێت و لار دەکەوێتەوە، بۆ نموونە لەلاپەڕە (١٦)دا دەنووسێت: قاقا بە گریانی ئەوان پێ دەکەنن. گریان زیڕە و هاوار و قیژەی هەیە، نەک قاقا، بەڵکوو پێکەنین قاقای هەیە، بۆیە بەم جۆرە بۆی ڕاست دەکەمەوە: بە گریانی ئەوان قاقا پێدەکەنن.

(نووسەر مەبەستی ئەوەیە ئەوان قاقا، بە گریانی ئەو کەسانە پێ دەکەنین، کە دەگریان - ڕامان).

لە چیرۆکی لەباربردن لە لاپەڕە (٥٨)دا کاتێک پاڵەوانی سەرەکی لەگەڵ دڵدارەکەی و دایکی دەچێتە نەخۆشخانە، چونکە ژانی منداڵبوون گرتوویەتی، دەنووسێت: من تەنیا نێرینەیەک بووم لە پێش ساڵۆنەکەدا، بۆیە نەمدەتوانی دابنیشم، چونکە پیاو کاری بەلای ئەو دوکتۆرە ئافرەتە نەدەکەوت، بۆیە بە دایکیم وت: من دەبێ بچمەوە ڕۆژنامە. لێرەوە نزیکە، پێش ئەوەی نۆرە بگاتە سەرتان من دێمەوە. بەبێ ڕوخسەت هاتمە دەرەوە. لێرە خۆی پاڵەوان ڕوخسەتی لە دایکی وەرگرتووە، دڵدارەکەشی لە ژووری منداڵبوونە، خۆشی دەڵێت پیاو ڕێی ناکەوێتە لای ئەم دوکتۆرە، ئەی دەبێت ڕوخسەت لەکێ بخوازێت؟! لێرەدا چیرۆکنووس لە گێڕانەوە وردنەبووە و ئەم ڕستەیە زیاد و ناپێویستە.

هەمدیسان لە لاپەڕە (٥٧)دا لەسەر زاری دایکی کچەکە دەڵێت: دوکتۆرەکە لەگەڵ دەزگیرانەکەیدا مەوعیدی هەبوو، نەیتوانی لەوە زیاتر بمێنێتەوە. نازانم بۆچی ئاوا دەیەوێت لەسەر زاری دایکی کچەکە لە شکۆی دوکتۆر بدات، ئەرکی دوکتۆر ئەوەیە لای نەخۆش بێت تاپێویست بێت، ئەگەر کاری نەما دەڕوات، دواتر چۆن زانی مەوعیدی لەگەڵ دەستگیرانەکەی هەبوو؟!.

لە لاپەڕە (٥٩)دا مامانەکە دەچێتە لای کوڕەکە و دەکەوێتە چەلەحانێ و دەڵێت: ڕەنگە لە ئەنجامی یارییەکی هەرزەییانە منداڵەکەتان تووشی لەبارچوون کردبێت، ئەمە کەی کاری مامانە و قسەی سێکسی بۆ باوکی منداڵەکە بگێڕێتەوە، لە کاتێکدا هیچ منداڵێک بێ سێکس لە دایک نابێت.

لە چیرۆکی پیاوی ناو بەلەمەکە لە لاپەڕە (١١٨)دا نووسیویەتی: کوللە دوو نەفەرییەکەی لەرانـدەوە، دایمالاند، هەردوو ژن و پیاوەکەی لەسەری نووستبوون. سەڵاح شوان زۆر بە ئەزموون و زمان زانە، بەڵام لێرە زمانێکی زۆر تێکشکاوی هەیە، بۆ نموونە لەم ڕستەیەدا کە مەبەستی پرۆسەی سێکسکردنی ژن و پیاوێک دەگێڕێتەوە لەناو کوللە و لەسەر بان، کەچی دەڵێت: کوللە دوو نەفەرییەکەی (لەرانـدەوە، دایمالاند،..) ئەمە دەبوایە لەراندیانەوە، دایانمالاندبێ، چونکە پرۆسەی سێکسکردن و هەڵبەز و دابەز دوو کەسییە و کۆیە، نەک تاک، ئەمە تا ئەندازەیەک ڕێی تێ دەچێت بڵێی ژنەکە خۆی مراندووە و پیاوەکە دەجووڵێت، بەڵام لە بەشی دووەمی ڕستەکەدا دەڵێت:

هـەردوو ژن و پیاوەکـەی لەسـەری نووسـتبوون. لێرە بە وشـەی دوو ژن و پیاوەکە نابن بە دوو کـەس، بەڵکوو دەبنـە سـێ کـەس، واتـە دوو ژن و پیاوێـک لـە ژێـر کوولـەدا خەریکـی سـەرجێین! ئەمـەش ڕاسـت نییـە، بۆیـە دەبوایـە بنووسـێت: هەردووکیـان ژن و پیاوەکە لەسـەری نووستبوون، بـەم جـۆرە بـە تـەواوی واتـای خـۆی دەگەیانـد.

لـە چیرۆکـی بەیانییـەک بـوو وەک هەمـوو بەیانییـەک. لـە لاپـەڕە (١٢٣)دا دەڵێـت: بینـی ئۆتۆمبیلەکانـی تـر ڕاوەسـتاون، منداڵێـک، منداڵـە قوتابییەکـە دەم نخـوون کەوتبـوو. لێرەدا منداڵێک هەیە کە قوتابییـە، نازانـم چیرۆکنـووس بۆچـی بە خۆڕایـی نووسـیویەتی منداڵێـک، لـە کاتێکدا هـەم دیسـان نووسـیویەتی منداڵێکـی قوتابییـە. کەوایـە یەکیـان زیـاد و ناپێویسـتە، لـە کاتێکـدا هـەر یـەک منداڵـە و قوتابییـە.

لـە چیرۆکـی گوڵـە لاولاوی لێـوار زەلکاوەکـە، لاپـەڕە (١٨٧ – ١٨٨)دا لـە چاپـی کتێبەکـە دووبـارە بووەتـەوە، ئەمـە هەڵـەی ئـەو نییـە، بەڵکـوو هەڵـەی چاپـە و بەسـەریاندا تێپەڕیـوە. پێویسـتە بـۆ چاپـی نـوێ چـاک بکرێتـەوە.

## زمان

زمـان ڕازاوەتریـن بەشـی ئـەم کۆمەڵـە چیرۆکەیـە، کـە چیرۆکنـووس زمانـی کوردیـی زۆر جوانـە و بـە کوردییەکـی ڕەسـەن و بـێ گرێوگۆڵ و کوردییەکـی تۆکمـە نووسـیویەتەوە. لـە زۆر شـوێن زمانـی تێکشـکاندووە و خـۆی ئیدیۆمـی داهێنـاوە و دەسـتکاریی پەنـد و وشەسـازیی کـردووە، دەکرێـت چیرۆکنـووس دەسـت بەسـتراو نەبێـت و داهێنانـی لـە زمانیـش هەبێـت. لـێ هەمـوو تێکشـکانێکیش سـەرکەوتوو نییـە، بۆیـە لـە زمانیشـدا لـە هەندێـک شـوێن کەوتووەتـە چاڵـەوە.

وەک وشـەی نارێکوپێـک، بـە مەبەسـتی بێسـەروبەر، خسـتووەتەڕوو. دەیـان وشـەی دیکەی کوردیمـان هەیـە، لەوانـە شـڕووڕ، پەڕپـووت، تـاد.

لـە لاپـەڕە (١٧)دا گووبەگـۆڕ بـووی بەکارهێناوە کـە جنێوێکـی کوردییـە تێکـی شـکاندووە و ئەمـەی زۆرجوانـە، کـە لـە گۆڕبەگـۆڕی کوردییـەوە سـەرچاوەی گرتـووە.

لـە چیرۆکـی لەباربـردن لاپـەڕە (٥٨)دا لەسـەر زاری پاڵەوانەکـە دەنووسـێت: پێـش ئـەوەی نـۆرە بگاتـە سـەرتان مـن دێمـەوە. هەمووەمـان ئـەوە دەزانیـن نـۆرە دەیـان گاتـێ، بـەڵام ناچێتـە سـەریان، بۆیـە لـە ڕووی زمانەوانییـەوە هەڵەیـە.

لـە چیرۆکـی بەیانییەک بوو وەک هەمـوو بەیانییـەک لاپـەڕە (١٢٤)دا دەڵێـت: چەند کەسێک بە ئۆتۆمۆبێلی نەجـدا گەیشـتنە سـەری، دڕیـان بـە خەڵکەکـە دا. لەبری وشـەی بـڵاوە، یـان پەرتـە، وشـەی (دڕیانـی) بەکارهێنـاوە. سـەرنجم دا ئـەم وشـە و دەیـان وشـەی جوانـی دیکـەی بەکاربـردووە. لـە هەمـان چیـرۆک و لاپـەڕەی دواتـر بـۆ فایلێکـی پـڕ لـە کاغـەز دەنووسـێت فایلێک بـە کاغـەز ئاوسی لەبن هەنگڵ بـوو، ئەمەیـان جوانتریـن گەمـەی زمانـە کـە نووسـەر کردوویەتـی.

لـە چیرۆکـی دەمەوعەسـرانێک لاپـەڕە (١٣١) دەنووسـێت: باغەوانەکە چاوی پێوە بـوو منداڵەکانی تـر لـە دوورەوە تێیـان دەڕوانـی. لێرەدا چیرۆکنـووس (چـاوی پێـوە بـوو) لەبـری (چـاوی لـێ بـوو) بەکارهێنـاوە، هەڵبەتـە هەمـوو مرۆڤێـک چـاوی پێوەیـە، بۆیـە ئـەم وشـەیە گەرچـی بنزاریشـە، بـەڵام بەکاربردنـی هەڵەیـە.

لـە چیرۆکـی تاقیکردنەوەیەک لەلاپـەڕە (١٥٧)دا کاتێـک قـادر ژن و منداڵێکـی سـاوا لەنـاو پاسـێک بەیـەک دەگـەن و منداڵیکـی چـاو سـەوز دەبینێـت و پێـی دەڵێـت: نـاوت چییـە چـاو قەرسـیل؟ ئەمـە جوانتریـن لێکچواندنـە کـە هیـچ شـاعیر و چیرۆکنووسـێکی دیکـە لـە ئەدەبیاتـی کوردیـدا چـاوی بـە قەرسـیل نەچوانـدووە. قەرسـیل واتـای گـەڵا و لاسـکی گەنـم و جـۆی سـەوز دەگەیەنێـت، بـەڵام لـە هەمـان چیـرۆک و کاتێـک دایکەکـە

دەیەوێت بڵێت دەستت لە گوێی قادر بەردە، چونکە منداڵەکە گوێی قادری گرتووە چەچە بەکاردێنیت، ئەمەشیان هەر جوانە و دەکرێت بڵێین زمانی منداڵانە. ئەم جارەیان منداڵەکە دەچێتە باوەشی قادر، لە دوو شوێن لەبری ئەوەی دایکەکە بڵێت دێیەوە لای دایە. دەنووسێت: دێ دایە. لێرەدا سەلاح شوان لەم تێکشکانەی زمان سەرکەوتوو نەبووە، چونکە واتاکەی پێچەوانە بووەتەوە و بووەتە پرسیار و چوونی دایکەکە بۆ لای منداڵەکە دەگەیەنێت، لە کاتێکدا دایکی منداڵەکە و قادر لە تەنیشت یەک و لەناو یەک پاس دانیشتوون.

لە چیرۆکی گوڵە لاولاوی لێوار زەلکاوەکە، لە دوو شوێن بۆ وشەی قڵس، یان بێزار بوو، وشەی قارس بەکاردێنیت کە وشەکە ڕەچەڵەکی عەرەبییە قارس، واتا سارد، هیچ پێوەندیی بە قڵسبوونەوە نییە. ڕاڤەکەی بەم جۆرەیە: قرس، یقرس، قرسا، فهو قارس، والمفعول مقروس، کەچی ئەو بۆ کەسێک لە شتێک وەڕس بێ، یان جاڕس ببێت بەکاری بردووە. لە هەمان چیرۆک و لە لاپەڕە (١٨٦)دا لە پاڵ وشەی کانی، وشەی ئەنگەری هێناوە و وەک ناوی دوو ئافرەت بەکاری هێناوە. زۆر گەڕام ئەم وشەیەم لە کوردیدا نەدیتەوە، پێ دەچێت ئەنگیر بێت کە لە کوردیدا بەکارهاتووە، واتا ترێ، کە لە وشەی (ئەنگور)ی فارسییەوە سەرچاوەی گرتووە.

سەلاح شوان زۆر مەعلانە لە دروستکردنی ئیدیۆم و گۆڕینی پەند، بۆ نموونە کورد دەڵێت قەیسەرییان لێ کردە کونە مشک، ئەو لە کورتە چیرۆکی دیواردا لە لاپەڕە (٢١٦)دا دەڵێت دنیایان لێ کردە پێستی چۆڵەکە. مەبەستی ئەوەیە کە دنیایان وەک پێستی چۆلەکە تەنک و بچووک کردووەتەوە، بە بۆچوونی من کاریکی داهێنەرانەیە. وەلێ لە شوێنێکی دیکە دەنووسێت سەریان کردە سەری. بۆ ئەمە ڕاست دەرناچێت، چونکە سەر خۆی هەیە و ناکرێتە سەر، بەڵکوو دەخرێتە سەر، بۆیە کورد دەڵێت: سەریان خستەسەر. یان دەستیان هاویشتە ناو شۆڕش. بەم جۆرە ئاوەڵخوازەکەی بۆ بەکاردەبرێت.

## تەکنیک و گێڕانەوە لە ئەستێرەبەرزە

تەکنیک و گێڕانەوە لە کۆچیرۆکی ئەستێرەبەرزە، وەک ئەستێرەبەرزە و تەژییە لە تەکنیکی جیاواز و ناوازە، دەتوانم بڵێم هەر چەند چیرۆکێک تەکنیکێکی جودایان هەیە، ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام زۆربەی چیرۆکەکان بە تەکنیکێکی تایبەت نووسراون، بە تایبەتی لە چیرۆکی بەیانییەک بوو وەک هەموو بەیانییەک. لە لاپەڕە (١٢٣)دا سەلاح شوان لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو بە تەواوی پێش سێ دەیەی سەردەمی خۆی کەوتووە، تەکنیکی ئەم چیرۆکە لە ئێستای فیلمە خەیاڵییەکانی زانستی دەچێت، کە منداڵێک بەر ئۆتۆمۆبێلێک دەکەوێت گێڕەوە پێش ڕوودانی ڕووداوەکە دیمەنەکە دەگێڕێتەوە، دوای ئەوە ڕووداوەکە ڕوودەدات، ئەمە کارامەیی و دەگمەنی چیرۆکنووس نیشان دەدات. گێڕانەوەی کۆچیرۆکی ئەستێرەبەرزە، بە سێیەمین کەسی تاک و یەکەمین کەسی تاک دەگێڕدرێتەوە. تەنیا لە چیرۆکی بۆ دڵێکی وەک هەتاو خڕ کە بۆ چیرۆکنووسی جوانەمەرگ لەتیف حامد نووسیویەتی چیرۆکەکە بە دووەمین کەسی تاک دەگێڕێتەوە، دەتوانم بڵێم لەم گێڕانەوەیەدا سەرکەوتوو نەبووە، چونکە زۆرتر لە پەخشان دەچێت نەوەک چیرۆک.

چیرۆکی تەلەفۆنێک لە لاپەڕە (٧٠)دا، بۆ گەڕان لە پێناسەکەی خاوەنی گێڕانەوەیەکی زۆر ناوازەیە و دەنووسێت: گیرفانەکانم گەڕام، لەگەڵ دەست و پەنجەکانمدا چوومە ناو گیرفانەکانمەوە، بەخۆم و هەموو بیر و هۆشێکمەوە قوژبنەکانی

گـەڕام، هەرچەنـدە تاریـک بـوو. ئـەم چیرۆکـە یەکێکـە لـە جوانترینـی کورتـە چیرۆکـەکان کـە دەبێت هەمـوو خوێنـەری کـورد بیخوێنێتـەوە و لـە ئاسـتی کورتـە چیرۆکـە باشـەکانی جیهانـە، بـەڵام حەیفـیێ ناوونیشـانەکەی لاوازە و دەتوانـم بڵێـم ناوونیشـان و دەسـتپێکە تەلەفۆنییەکەی پەرەگرافی یەکـەم هیـچ پێوەندییەکـی بـە چیرۆکەکـەوە نییـە، خۆزگـە تێیـدا نەدەبـوو.

## ئەفراندنی دیمەن لە ئەستێرەبەرزەدا

ئەسـتێرەبەرزە پـڕە لـە دیمـەن و وێناکردنـی هونـەری، دەتوانـم بڵێـم ئەگـەر شـێوەکارێکی بـاش ئـەم کۆچیرۆکـەی بکەوێتەبـەر دەسـت، دەتوانێـت دەیـان تابلـۆی شـێوەکاری لـێ بەرهـەم بێنێـت، بەتایبەتـی لـە چیرۆکـی گومـان لـە لاپـەڕە (١١٤)دا، جوانتریـن دیمەنـی شـێوەکاری و ئیستێتیکای جوانـی لە ڕێگەی وشـەوە دروسـت کردووە و نووسـیویەتی: ئا لـەم ساتەدا ئـەم تـەواو ڕوو لـەوە، لـەلای جادەکەیـە، پێـی ڕاسـتی لـە زەویدایـە و پێی چەپـی هەڵێناوەتەوە بـۆ هەنگاونـان، ئەژنـۆی چەپـی گۆشـەیەکی سـەد و پەنجـا پلـەی دروسـت کـردووە، پێـی چەپـی نزیکـە پانـزە سـانتیمەتر لـە پێـی ڕاسـتی بەرزتـرە و ئەوەندەیـش پێشـترە. دەسـتی ڕاسـتی لـە پێشـەوەیە و دەسـتی چەپـی لـە دواوەیـە، کەمێکیـش بەرەوپێـش چەماوەتـەوە. سـەیر لەوەدایـە سـەلاح شـوان چـۆن توانیویەتـی تەنیـا میلـی هەنگاوهێنانـەوەی چەنـد چرکەیـەک تـا دەگاتـە سـەر زەوی ئـاوا بـە بـەرزی وێنـا بـکات. لـە چیرۆکـی پیـاوی نـاو بەلەمەکـە، لـە لاپـەڕە (١٥٠)دا، ئێـژێ: تیشـکی مەیلـەو پەمەیـی بەر لـە خۆرهەڵاتـن شـەو کراسـێکی تەنـک و ناسـک بـوو لەبـەر خانمـە شـۆخەکەی گەردوونـدا، چەنـد پەڵـە هەورێکـی سـپیکەلانەی نـەرم لـە حـەوزە شـینەکەی ئاسـماندا پێکـەوە هاتـن و شـەڕە ((ئاو))یـان دەکـرد.

## ئەنجام

لـە کۆتایـی ئەنجامـی باسـەکەماندا ئەوەمـان بـۆ ڕوون بووەتـەوە، کـە کۆچیرۆکـی ئەسـتێرەبەرزە، خـۆی لـە ژمارەیـەک چیـرۆک و کورتـە چیـرۆک و کورتیلـە چیـرۆک دەبینێتـەوە، هەموویـان لەیـەک ئاسـت نابینرێـن، زۆربـاش و مامناوەنـد و لاوازیشـی تێدایـە. ڕیزبەندیـی چیرۆکـەکان بەپێـی باشـی و ئاسـت بەرزیـی چیرۆکـەکان ڕیـز کـراون، لـە هەرەباشـەکان دەسـت پـێ دەکات و لە خراپترینیشـی کۆتایـی دیـت، ئەمـەش ئاسـانکارییەکی زۆری بـۆ توێژینەوەکەمـان کـردووە.

بەگشـتی کۆچیرۆکـی ئەسـتێرەبەرزە لـە تەکنیـک و فیکـر و زمـان خـۆی لـە چیرۆکەکانـی سـەردەمی خۆی جیـا کردووەتـەوە و ڕێچکەیەکـی تایبەتـی گرتـووە. لەکاتـی نووسـینی چیرۆکەکانـدا ئەدەبـی ڕیالیسـتی و شۆڕشـگێڕی لەنـاو کـورد باوبـووە، لـێ ئەسـتێرەبەرزە پێـش ئـەو قۆناغـەی چیرۆکـی کـوردی کەوتـووە و دەچێتـە قۆناغـی ڕێبـازی پۆسـت مۆدێرنیتـە، ئەمـەش وای کـردووە کۆچیرۆکـی ئەسـتێرەبەرزە بـە قۆناغـی نووسـینەوەی چیرۆکـەکان پەیوەسـت نابێـت، بەڵکـوو دەتوانێـت هەمـوو قۆناغەکانـی ئەدەبـی ببڕێـت.


**سەرچاوە:**

**کۆچیرۆکـی ئەسـتێرەبەرزە. سـەلاح شـوان، چاپـی سـاڵی ٢٠١٢، چاپخانـەی کارۆ، سلێمانی.**